


baran99@hotmail.com

ئاخر نامۆ بوونە خۆشویستنی ئەم گوڵانە!

پێت وا نەبێت چیدی کلۆ بەفرەکانی ئەم زستانەی ئێرە

ئێوارانیان پێ برازێنرێتەوە !

پێت وانەبێت چیدی بارانی ئێرە

عاشقمانکەنەوە بە نیوەڕۆوان

چیدی ئەم سەوزاییانە ئامادەمان ناکەن بۆ هاتنی بەهارێك

جریوەی ئەم چۆلەکانە بەیانیانم لا شیرین ناکەن

چیدی ئەم ئەستێرانە ئاسمانێکی دڵتەنگی ئێرەیان پێ ڕۆشن ناکرێتەوە

عاجزم بەم خەزانە ئەبەدییانەی پاییز

تووڕەم لەم بەهارە درۆزنە

شەپۆلەکانی ئەم دەریایە خاڵین لە نازکی

لێگەڕێ هاوڕێ چیدی عاشق نابینەوە بەم وەرزانە

بەمن چی ئیعتیزارەکانی زستان؟

بەمن چی نیوەڕوانی پڕ لەژیان؟

بە من چی ئەم ئێوارە هێمنانە ؟

بە من چی بەیانیانی پڕ لە پێکەنین؟

ئەی بەمن چی شەوانی شین وسەراپا گرمۆڵە بوون؟
عاجزم عاجز !
ئەمانە دڵی منیان پێ ناڵاوێنرێ
ئاخر بە من چی مامۆستاکەم ئەستێرەیەکی پیانۆژەنە ؟
خۆ هەرگیز گوێم لە عەزفێکی نەبوو!
بە من چی یار بیهتەرین شێوەکارە
هەرگیز نەمزانی بەکام دەستی وێنەمان ئەکێشێ!
بە من چی ئەم پیاوە رۆمانسیانە
کە چیدی بۆنی رۆحی منیان بۆ ناکرێ ؟
بە من چی بزۆزی ئەم سمۆرانە
کەهەرگیز بە گەمەکانم رازی نابن؟
چی بکەم لە دەرگاکانی بەختەوەری
کە ژەنگ  ئاوزەنگەکانیانی گرتبێ ؟
چی لە مەحبووبی ئەم سەگانە بکەم
کەهەرگیز لە ئارامی من ناگەن؟
رقم لەئارەزووەکانتانە
بڕیارە جەنگێ بەرپا کەم دژتان
جەنگێك کە سەراپا خافڵی بێت
چی بکەم لە تۆ ئەی شەوی شین
خۆهەر دیدارێکمان نەکرد لەئاگاییدا
بە من چی  عەشقی پیاوێك لەنێوان من و ووشە بڤەکاندا
چی لە جنوونی تۆیەك بکەم
کە توانای گەمەم نەما لەگەڵیان
تۆ ئەی عاشق: عاشق نیت
زاخاوی عەشقێکی فاشیلیت
تۆش ئەی شەو !
سەرەپارچەی شەوانی بێ ئارامیمیت

ئەی ئێوارە تۆش سقوطی ئێوارەیەکی خنکاوی
ئێوەش ئەی ئەستێرەکان
وردە بریسکەی وەریوی کراسی خانمە شۆخەکانی
ئاهەنگە تەنەکورییەکانی وەتەنن
ئەی بەیان تۆش
زەردە پەرێکی نەفرەت لێکراوی
خۆت لە من کردۆتە جوانترین بەیان
ئەی نیوەڕۆکان ئێوەش لەحزەیەکی
نیوەڕۆ سەخیفەکانی بووکێنیمن
ئێوەش سڵاوە گەرمەکانی درۆزنترین عاشق
چیدی لەم بەستەڵەکەوە گەرمم ناکەنەوە
ئێوە هەمووتان ساختەن
گوێ بگرن هەمووتان
بەر لە هاتنی بەیانی
شەو خێراکە  ون بە
بەر لەونبوونی شەو
بەیانە سەخیفەکان ئاسوودەم کەن
بە مەحف بوونەوەتان
بەر لە هاتنی ئێوارەیەکی دی
ئەستێرەکان تا دە ئەژمێرم
خێراکەن بوەرن
بەر لەهاتنی پاییزیش
هاوین بە هەوادا چۆ
بەر لە بەهەواداچوونی هاوینیش
پاییز رەنگەکانت بشۆرەوە
تۆش ئەی رۆمانسیترین پیاوی دنیا
بەر لەونبوونی هەموویان بگەڕێوە

**بگەڕێوە دەنا ئەتفرۆشم**

**ئەتفرۆشم بە حوزنی پەپولەیەکی تۆراوی ئەم دوورگەیە**

**بەر لە گەڕانەوەشت پەشیمان ببەوە**

**بەر لە پەشیمانیشت تێر تێر بگری**

**دەنا پێکەنینم بە گریانی پاش پەشیمانیت دێت**

**چیتر بەم موکەسەراتانەوە**

**قبوڵت ناکەم**

**کە گەڕاشیتەوە**

**خۆشەویستیم لە زەرفە ڕەشەکانی بازاڕی سپی بۆ مەهێنە**

**چیتر ماچە وەریوەکانی سەر ڕێگاکانم بۆ کۆمەکەرەوە**

**پێیان رازی نابم**

**نەچی زەردەخەنەی حەزینترین ریشۆڵەشم  بۆ بدزیت**

**چیدی ئەم هەوەستە هەزەلیانەشتم پیَ دانامرکێتەوە**

**بەر لە هاتنەوەت بڕیار بدە**

**تامی پێکەنینێکم لەگەڵ بکەی**

**بەر لە گرژبوونی لەحزە بیَ تامەکان پیَ بکەنە**

**بڕیار بدە هەرگیز**

**ئازاری نەبرەکانی منێك خاڵی لە خەم نەدەیتەوە**

**بەرلەوەی لەدەرگا سپیەکەشەوە بێیت**

**برۆ بەر پەنجەرە پرتەقاڵیەکەو**

**بە هەناسە قەرزکراوەکانت**

**شووشەکە تەڵخ بکەو**

**ئەگەر خەمی تۆ ئاسوودەگی من بوو**

**بنووسە درۆ ئەکەم**

**بەر لە ئیعتیراف باوەڕ بێنە بەوەی**

**ئەمە پەنجەرەی هوتافەکانی هەقیقەتە**

**هەتا دێیتەوە**

**من له شیرینترین خەونی ئەبەدیدام**

**شەڕابەکەت نۆش بکە و**

**بێدەنگ بێدەنگ**

**وەرە خەونە بەرپاکانمەوە**

**بیرت نەچێ**

**بێدەنگ**

**ب**

**ێ**

**د**

**ە**

**ن**

**گ**

**کەنەدا /تۆرۆنتۆ**

**پاییزی** 2004